چیرۆک بۆ منداڵان

# کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ



ئا. زیاد رەشاد قادر

هەولێر/ ٢٠١٠

چیرۆک بۆ منداڵان

# کەروێشک خەو

# بە فیلەوە دەبینێ

ئا: زیاد رەشاد قادر

هەولێر/ ٢٠١٠

Zirak1974@yahoo.com

## پێناسەی کتێب

ناوی کتێب: کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ

ئامادەکردنی: زیاد رەشاد قادر

ژانر: چیرۆک بۆ منداڵان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: خەلیل هیدایەت مام شێخ

نیگارەکان: هونەر مەلا حەمەدەمین، مەریەم عەبدوڵڵا

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

نرخ: ۱۰۰۰ دینار

ساڵ و نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم/ ۲۰۱۰

شوێنی چاپ کردن: چاپخانەی نازە/ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (۹۹٤)ی ساڵی (۲۰۱۰)ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ئامادەکار

# پێشکەشە بە:

- ( پەیام )،

( کۆسار )،

( کاڤار ) و

( پاداشت ).

- هەموو منداڵانی کوردستان.

# پێشبڕکێیەکی سەیر



لەو کاتەی کەروێشکەکە خەریکی بازدان و غارغارێن بوو، کیسەڵێکی دیت لەسەرخۆ بەرەو رووی دێت. کەروێشکەکە گوتی: "سڵاوت لێ بێ مام کیسەڵ، ئەوە بۆچی وەها بە سستی ڕێ دەکەی؟"

کیسەڵەکە گوتی: "خێرا رۆیشتن لە من نایەت".

کەروێشک پرسی "ئەدی ئەگەر ڕێوییەکت لێ پەیدا بوو، چی دەکەیت؟".

کیسەڵ هاتە وەڵام: "دەچمە نێو ماڵەکەی خۆم، کە لەسەر پشتمدا هەڵمگرتووە".

کەروێشکەکە بە لاقرتێوە پێشنیازی کرد پێکەوە پێشبڕکێیەک بکەن، بۆ لای درەختی بناری چیایەکە، کیسەڵەکەش سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

پێشبڕکێ دەستی پێ کرد، لە چاوتروکانێکدا کەروێشک بەشی زۆری ڕێگاکەی بڕی و بەر لە گەیشتنی بە خاڵی کۆتایی، لە دەوروبەری خۆی بێستانێکی گێزەری بەر چاو کەوت، زۆر حەزی چووە گێزەر، ئاوڕێکی دواوەی دایەوە، دیتی کیسەڵەکە هێشتا ڕۆژەڕێیەکی ماوە پێی بگات، بۆیە چووە نێو بێستانەکە، تا تێروپڕ بوو گێزەری خوارد، پاشان لەبەرخۆیەوە گوتی: "کیسەڵی داماو خۆ هێشتا زۆری ماوەی بگاتە ئێرە، با سەرخەوێکیش بشکێنم، دواتر تا درەختی بناری چیایەکە ڕاناوەستم".

کیسەڵەکە وردە وردە ڕێگاکەی دەبڕی و کەروێشکیش کەوتبووە خەوێکی قووڵ قووڵ. کاتێکیش بە خەبەرهات تەماشای ئەملاوئەملای خۆی کرد کیسەڵ دیار نەبوو، بۆیە بە غاردان بەرەو لای درەختەکە کەوتە ڕێ، وەلێ ئەوەی هەرگیز پێشبینی نەدەکرد ڕوویدابوو. کاتێ دیتی، مام کیسەڵ لە ژێر سێبەری

درەختەکـــەدا بـــزەی ســـەرکەوتنی لەســـەر لێوانـــە و چـــاوەڕوانی گەیـــشتنی کەروێـــشك دەکـــات. کەروێـــشك بـــە سەرسـوڕمانەوە پرسـی: "خۆ من زۆر لە تۆ بەغارترم، چۆن بەر لە من گەیشتییە ئێرە؟"

مـــام کیـــسەڵ گـــوتی: "مـــن ســـەبر ســـەبر، بـــەڵام بەبـــەردەوامی و بـــێ پسانەوە ڕۆیشتم و کاتم بە فیڕۆ نەدا."

کەروێشك گوتی: "ئاخر من زۆر لە تۆ خێراترم".

کیـــسەڵ وەڵامـــی دایـــەوە: "بـــەڵام خێـــرا ڕۆیـــشتن بەتـــەنیا بـــەس نیـــە بـــۆ بردنـــەوە ئـــەی کەروێـــشك، بـــەڵکو لـــەوە گـــرنگتر، پێویـــستە پلانـــت هـــەبێت و ڕێـــزی کـــات بگریـــت و لـــە هەمووشـــی گـــرنگتر هێنـــدە لـــە خۆبایی نەبیت..."

# ئەو قەلەڕەشەی سەلماندی زیرەکە

قەلەڕەش ڕێگای لێ ون بووبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تینوویەتی زۆری بۆ هێنابوو، قورگی وشك بووبوو و هەر هاواری دەکرد: "قار قار..."، ئەو ڕۆژە، سەری بەهەر لایەکدا کرد دڵۆپێك ئاوی بەرچاو نەکەوت، زۆریش گەڕا نە کەس‌وکارەکەی خۆی دۆزییەوە نە چۆڕێك ئاوی چنگ کەوت. قەلەڕەش زێتر گەڕا و سوڕا تا کاتێك هەستی کرد لە دەشتێکی چۆڵ و وشك و دووردەستدایە، لەبەر ئەوە پتر بێ ئومێد بوو.. لێ هەر کۆڵی نەدا.

ئەو دەیویست سەرەتا چۆڕی ئاو بدۆزێتەوە قورگی خۆی پێ تەڕ بکات، پاشان بە دوای کەس‌وکارەکەیدا بگەڕێت، بۆیە لەگەڕان نەکەوت، تا لای پیرەدرەختێك گۆزەیەکی دیت، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە گۆزەکە: "ئۆخەی، ئەوە خۆ ئاوی تێدایە" هەرچەندە کەمێك ئاوی تێدا بوو، بەڵام بایی ئەوەندە هەبوو گیانی بێنێتەوە بەبەردا، قەلەڕەش ویستی ئاوەکە هەڵقوڕێنێ، وەلێ هەرچی کرد دەمی نەگەیشتە بنی گۆزەکە، بۆیە هەوڵی دا گۆزەکە بشکێنێ، ئەوەشی بۆ نەچووەسەر. ئەمجارە بیری کردەوە چی بکا... چی بکا، بیرۆکەیەکی بۆ هات و دەسبەجێش جێبەجێی کرد. ئەو چوو، وردە بەردی هێنا و خستیە ناو گۆەزەکەوە، تا ژێر گۆزەکە پڕ بوو لە بەرد، بەمەش ئاوەکە سەر کەوت، تا دەمی گەیشتێ. قەلەڕەش



ئاوەکـەی خـواردەوە و تـۆزێ هێـزی هاتـەوە بـە بـەردا.. هـەمان کـات هەسـتی کـرد، کـە ئـەو، رۆحلەبەرێکـە، بـە توانـا و زیرەکـی خـۆی، دەمی خۆی گەیاندووەتە ئاوەکە.

دوای ئـەوە، دای لـە شـەقەی بـاڵ، تـا بـە کەسوکارەکـەی خـۆی شـاد بێتـەوە و لەگـەڵ ماڵباتی خـۆی درێـژە بـە ژیـانی ئاسایی خـۆی بـدات، هــەر زووش پێیــان بڵــێ "خزمینــە قــەت وا تێمەگــەن ئێمــەی قەلـەڕەش بوونـەوەرێکی گێـل و نـەزانین، ئـەی ئـەوە نیـە مـن کـوڵم نـەدا تـا ئـاوم دۆزییـەوە؟ پاشـان بـیرم کـردەوە و بـەردم خسـتە نـاو گۆزەکە، تا دەمم گەیشتە ئاوەکە...!"

# کەروێشک خەو بەفیلەوە دەبینێ



هەبوو نەبوو کەروێشکێکی بچکۆلە هەبوو، رۆژێک لەرۆژان لە
یەکێک لە دارستانەکاندا بۆ خۆی خەریکی وازی کردن بوو،

لەناکاو گوێی لە دەنگێک بوو بانگی دەکات، کە تەماشای ئەملا و ئەولای خۆی کرد هیچی نەدیت، پاش کەمێکیدی هەمان دەنگ بانگی کردەوە و پێی گوت:"سەیری سەرەوە بکە.. نامبینی؟"

کەروێشکەکەش کە سەری بەرزکردەوە، گیانەوەرێکی زلی جوانی بەرچاو کەوت. بۆیە بە دڵخۆشییەوە گوتی:

- دەتناسم.. تۆ فیلی، وێنەی تۆم لە چیرۆکی دارستاندا دیتووە و دایکم بۆی خوێندوومەتەوە.

لەم کاتەدا فیلەکە دایە قاقای پێکەنین و لەخۆشیاندا لمۆزی خۆی بەرزکردەوە و گوتی:

"واتە ئەز هێندە بەناوبانگم، تەنانەت لە کتێبانیشدا ناوم هەیە و وێنەم گیراوە؟".

کەروێشکەکە هاتە وەڵام:

"کتێبەکان ژیانی منیشیان تێدا نووسراوەتەوە.. هەروەک گورگ و مەیمون و ورچیش باسیان کراوە".

فیلەکە بابەتەکەی گۆڕی و گوتی:

"واز لەمە بێنە، بۆ نایەی پێکفە یاری بکەین؟".

کەروێشکەکە ئەم داوایەی بە دڵ نەبوو و گوتی:

"ئـاخر، مـن زۆر بـچووکم، دەزانـی تەمـەنم تـەنیا یـەك مانگـە، لـە کاتێکـدا تـۆ زۆر زل و زەبـەلاحی، بـڕوام پـێ بکـە هێنـدەی سـەد کەروێشك دەبیت. نا تۆ زۆر لەمن بەتەمەنتری".

فیلەکە پێکەنی و گوتی:

"باوەڕم پێ دەکەی تەمەنی منیش تەنیا یەك مانگە؟".

کەروێـشکەکە بـە سەرسـوڕمانەوە پرسـی: "گاڵتـەم پـێ دەکـەی؟ چۆن تەمەنی تۆ مانگێکە و هێندە گەورەی؟".

فیلـی دامـاو نـەیزانی چۆن کەروێـشکی بـچکۆلە تێبگەیـەنێت. هـەر هێندەی پێ کرا بڵێ:

"بەڵام من فیلم ئەی برادەر فیل.. نەك کەروێشك.."

فەرخەفیلەکـە هەرچـەندی کـرد نـەیتوانی بـاوەڕ بـە کەروێـشك بـێنێ تـا گـەمانی لەگەڵـدا بکـات، کەروێشکەکە بـاوەڕی بـەم قـسانە نـەدەهات و لای وایـە فەرخـە فیلەکـە شـۆخیی لەگەڵـدا دەکـات، بۆیـە فیلـی دامـاو بـە دڵتەنگییـەوە ڕێگـەی گرتەبـەر تـا هاوڕێیـەکی تر بدۆزێتەوە بۆ یاری کردن.

کەروێـشکەکەش بـەرەو مـاڵ وەڕێ کـەوت و لـە ڕێگـادا هـەر بـیری لـە هـەردوو وشـەی (گـەورە) و (بـچووك) دەکـردەوە، وەخـتێ گەیـشتەوە مـاڵێش، لـەبیری چـوو داوای گێـزەر لـە دایکـی بکـات، لـەبری ئـەوە کەوتـە پرسـیارکردن سـەبارەت بـە فیـل و ئـەو ڕووداوەی ئـەمڕۆ بەسـەریدا هـات، دایکیـشی بەشـێنەیی وەڵامـی

هەموو پرسیارەکانی دایەوە. دایکی ویستی زێتر باسی فیلی بۆ بکات، بەڵام کەروێشکە بچکۆلە وەنەوزی دەهاتێ، لەهەمان کاتدا پرسیاری دەربارەی ئەو شتە سەیرەی کە (زۆر گەورەیە بە بەژن و قەڵافەت، زۆر بچووکیشە لە تەمەندا) تەواو نەدەبوو، ئیدی لەناو پرسیاراندا خەوبردیەوە و خەونێکی خۆشی دیت، لە خەونەکەیدا لەگەڵ فیلە تەمەن بچوکەکە کەوتە یاری کردن و گێزەرێکی بچووکیشی کردە دیاری کە لەناو کیسێکی زۆر گەورەدا بوو.

# خەونی شادی

ئـەو رۆژە سـەبارەت بـە هـەمووان، یـەكێك بـوو لـە رۆژە زۆر ناخۆشـەكان، بـەهۆی ئـەوەی دارسـتان گـڕی گرتبـوو و ئـەوەی زۆر بـە بەپەلـە وەخـۆ نەكـەوتبا دەبـووە قـەرەبروت. كەروێـشك یـەكێك بـوو لەوانەی تەواو تۆقیبوو و دەیگوت:

"دەبێ خێراتر رابكەین، دەنا ئاگر لە گیانی ئێمەش بەردەبێت".

شـێری پادشـای دارسـتانیش كـە لـە پـێش بڵێسـەی ئاگرەكـەوە غـاری دەدا دەینەڕاند:

"كارەسـاتە كارەسـات، ئـەوەی زوو دارسـتان جێنـەهێڵێ، گوناهەكـە لـە ئەستۆی خۆیەتی".

لەولاوە پڵنگ هاواری دەكرد:

"ئـەوەی تـا ئێـستا نـەیزانیوە بـا بزانـێ، ئـاگر نـە كـەس دەناسـێ، نـە رەحم بە هیچ كەس دەكا، تكایە پەلە بكەن پەلە...".

ئیدی هەرچـی زینـدەوەری ئـەم دارسـتانە هەیـە، ئـەم و ئـەوی ئاگـادار دەكـردەوە و دەكروزایـەوە و دەگریـا، تەنانـەت پیرەدرەختـی نێوەنـدی دارسـتانەكەش، لـەتاو سـووتانی دارەكـانی تـری دەستەخوشكی و تێكچوونی مـاڵ و حـاڵی گیانـەوەران، دەنوزایـەوە و دەیگوت:



"هاوار بە ماڵم هاوار، ئاگر ئێمە هەڵدەقرچێنێ و ئەوانیش بێ لانە و پەڕاگەندە دەکات".

لەم کاتەدا شێری پادشای دارستان پارچەیەك خەڵوزی بەرچاو کەوت، کە تەنیا ئەو، بزەی لەسەر لێوان بوو، نە خەمی سووتانی خۆی بوو، نە پەرۆشی حاڵی گیانلەبەران. شێرەکە لەم هەڵوێستە دەگمەنەی پارچە خەڵوز حەپەسا، بۆیە لێی پرسی:

"چ عەجەب لەم رۆژە کارەساتبارەدا، تۆ پێدەکەنی برادەر!؟".

پارچە رەژووەکە گوتی:

"ئاگر بۆ ئێوە سووتێنەرە، بەڵام بۆ ئێمەی خەڵوز، زیندووکەرەوە و ژیانبەخشە".

پادشای دارستان، هیچ لە نهێنی ئەم قسەیە حاڵی نەبوو، بەڵام کاتی قسە و مشتومڕ نەبوو، بۆیە پارچە خەڵوزی جیهێشت. پارچە خەڵوز لە شوێنی خۆی چاوەڕوانی بڵێسەی ئاگر بوو، تا ئەوەبوو، ئاگرەکەی گەیشتێ و خەونەکەی هاتە دی، سوور سوور هەڵگەڕا، ئەو رۆژە هێندە دڵخۆش بوو لە باسکردن نایەت، چونکە بە ئاواتێکی لەمێژینەی خۆی شاد بوو. خەڵوز، ئەو رۆژە زیندوو بۆوە.

# شنە و چۆلەکەکەی

لە ئێوارەیەکی وەرزی زستاندا، کیژۆڵەیەك کە ناوی (شنە) بوو، لەبەر نەخۆشی لەسەر جێگادا کەوتبوو، ئەم ئێوارەیە (شنە) هەستایە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی و سەیری لێزمەی بارانی دەکرد و گوێی لە گڤەی بایەکە دەگرت. لەم کاتەدا چۆلەکەیەکی بەستەزمانی لە رۆخی پەنجەرەکەیدا بەرچاو کەوت، کە باران پەڕ و باڵی تەڕ کردبوو و لەسەرماندا دەلەرزی. شنە بەم دیمەنە تەواو کاریگەر بوو، بۆیە بەپەلە پەنجەرەکەی کردەوە و چۆلەکەکەی هێنایە ژووری و وشکی کردەوە و تێر تێر لە باوەشی گرت.

دوای ماوەیەك دایکی شنە هاتە ژووری، خواردنی ئێوارەی بۆ کیژەکەی هێنابوو، کە لە چیرۆکی هاتنە ژوورەوەی چۆلەکەکەی پرسیار کرد، شنە بۆ دایکی باس کرد کە دڵی پێی سووتاوە و بە مەبەستی وشك کردنەوە و پاراستنی لە سەرما و سۆڵە هێناویەتیە ژووری، بۆیە دایکی دەستخۆشی لە کچەکەی کرد و لە هەمان کاتدا پارچەیەك سەموون و شیری خستە بەردەمی چۆلەکەکە و هانی شنەشی دا کە لە یارمەتی دانی ئەم باڵندە لانەوازەیە درێغی نەکات.

شنە تا درەنگانی شەو دەستی میهرەبانی بە پەڕ و باڵی چۆلەکەکەدا هێنا تا خەوی لێ بکەوێ.. ئەوە بوو چۆلەکەکە



کپ بوو و شنەش چاوی چووە خەوێکی خۆش. بۆ بەیانی لەگەڵ ئەوەی شنە نەخۆشییەکەی سووکتر بوبوو، دڵخۆشیش بوو بەوەی چۆلەکەکە بە هۆی گەرم بوونەوە و تێرخواردنی هێزی هاتبۆوە بەبەردا، بۆیە شنە دەیخواست هەر لەگەڵ چۆلەکەکەدا بمێنێتەوە. بەلام پاشتر لە دڵی خۆیدا گوتی، نابێ لەم ژوورەی خۆمدا زیندانی بکەم و پێویستە بۆ خۆی ئازاد بێ. بۆیە پەنجەرەکەی بۆ کردەوە و چۆلەکە جوانەکەش دای لە شەقەی باڵ و فڕی بۆ ئاسمان.

ئەوەی زۆر جێگەی سەرسوڕمان بوو، بۆ رۆژی دوایی هەمان چۆلەکە هاتەوە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی شنە، وەلێ ئەمجارەیان هەتاو بەدەرەوە بوو و چۆلەکەکەش جریوە و جوکەیەکی خۆشی دەکرد، دیسان شنە بە پەلە پەنجەرەکەی لێ کردەوە و لە تەك خۆیەوە داینا و نان و شیری بۆ دانا.

ئیدی بۆ رۆژانی دواتر بە بەردەوامی چۆلەکەکە دەهاتە لای شنە و تێری دەخوارد و پاشان جێی دەهێشت، تا ئەوەبوو رۆژێك چۆلەکەکەی شنە دیار نەما، بەو دیارنەمانەش تەواو کچەکەی نیگەران کرد و لای خۆیەوە دەیگوت "بڵێی نەبووبێتە نێچیری راوچییەك؟".

دوای هەفتەیەك، چۆلەکە جوانەکە، جارێکیدی بە سنگی بریندارەوە، هاتەوە بەر پەنجەرەکەی شنە، بۆیە بە پەرۆشەوە لە باوەشی گرت و خواردنی بۆ هێنا و زامەکەی بۆ تیمار کرد.

چۆلەکە جوانەکـەش، پـاش چـاکبوونەوەی لەبـەردەم پەنجەرەکـەی شـنە دەسـتی بـە جووکـەجووکێکی ناسـك کـرد، وەك بیـەوێت سوپاسی گەرمی کیژە هاوڕێیەکەی بکات.

دۆسـتایەتی شـنە و چـۆلەکەکە، گەیـشتە ئاسـتێك، هـەموو دەم پەنجەرەکـەی شـنە کرابوویـەوە، هـەر کاتێـك چـۆلەکەکە ویـستبای، دەهاتە ژوورەوە و دەچووە دەرەوە.

رۆژێکیـان دایکـی شـنە هاتـە ژوورەوە، لـەو کاتـەدا شـنە نووسـتبوو، بـەڵام ئـەوەی سـەرنجی دایکـی شـنەی راکێـشا ئـەو پەتـە سـوورە بـوو لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـەدا هەڵواسـرابوو، پـاش لـە خـەو هەڵـسانی کـچەکەی لێـی پرسـی "شـنەی شـیرینم ئـەم پەتـە جوانـە چـییە؟" شـنەش سەرسـوڕمان و بـێ ئاگـاییی خـۆی دەربـڕی. بـۆ رۆژی دواتـر بـە هـەمان شـێوە پارچـە قوماشـێکی رەنگـاوڕەنگی جـوان دانرابـوو. بۆیـە جارێکیـدی لـەو کاتـەی کـە شـنە سـەبارەت بـەو کلاّفـە و پەڕۆیـە رەنگاوڕەنگانـە لەگـەڵ دایکـی خـەریکی ئاخـافتن بـوو، چـۆلەکەی هـاوڕێی دیـت، پـەتێکی شـینی بـە دەنـووك هـەلگرتبوو و دەیهێنایـە ژوورەوە... ئەو دەم تێگەیشت کە ئەوە کاری چۆلەکەی هاوڕێیەتی.

پاشـان وای لێ هـات رۆژانـە چـۆلەکەکە شـتی جـوان و ناسـکی بـۆ ژوورەکـەی شـنە دەهێنـا، شـنەش لـە نهێنـی ئـەم پـەت و دەزووە رەنگین و جوانانـە تێنەدەگەیـشت تـا رۆژێـك لـە دایکی پرسـی: "ئـەو شتانە یانی چی؟"

دایکی پێی گوت: " کیژە جوانەکەم ئەمە نیشانەی سۆز و خۆشەویستی چۆلەکەکەیە بۆ تۆ و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم دیارییانەوە ڕێز و سوپاست بۆ دەرببڕێت"، هەروەها دایکی زێتر گوتی "شنەی خۆشەویستم، وەك چۆن ئێمەی مرۆڤ ئەگەر لە پاداشتی چاکەی کەسێکدا نەتوانین چاکەیەکی هاوشێوە یا باشتری لەگەڵدا بکەین، ئەوا دەبێ سوپاسی گەرمی بکەین، ئەم چۆلەکەیەش هەر وایە...".

# سەربوردەی شێرە لەڕەکە

لە یەکێک لە دارستانەکاندا، شێرێک هەبوو ناوی (لاتە) بوو، باوکی ئەم ناوەی لێ نابوو، چونکە شێرێکی بێ هێز و لەڕ و لاواز بوو. (لاتە) هەستی بەوە کردبوو کە لە شێرەکانی دیکەی هاوڕێی بێتواناترە، لەبەرئەوە هەموو دەم خەونی بەو رۆژەوە دەبینی، ببێتە یەکێک لە شێرە بەهێزەکانی دارستان. بۆیە رۆژانە مەشق و راهێنانی دەکرد و وردە وردە خۆی بەهێز دەکرد. پاش چەند ساڵێک وای لێ هات (لاتە) گەورە بوو و بووە یەکێک لە شێرە زۆر بەهێزەکان و تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە پاشای دارستانەکە شکست پێبێنێت و خۆی بچێتە جێگەی ئەو. چونکە بە گوێرەی یاسای ئەو دارستانەی لاتەی لێ دەژیا هەر یەک لە شێرەکان، بەسەر شای شێرەکاندا سەرکەوتبا، ئەوا دەچووە جێگەی پاشا و لە هەمان کاتدا، پاشای دۆڕاویش، دەبوو دارستان جێبهێڵێ و تا مردن بە تەنیا بژی.

لەبەرئەوە لاتە داوای لە پادشای دارستان کرد کە زۆرانبازی لەگەڵدا بکات، پادشای دارستانیش داواکەی قەبوڵ کرد، چونکە هەر بەپێی یاسای ئەو دارستانە، نەدەبوو پادشا داوای زۆرانبازی هیچ ئەندامێکی ئەو مێگەلە رەت بکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی هەمووان بوو، لاتە بەسەر پادشای بەئەزموونندا سەر

کـەوت و پادشـاى دۆڕاویـش بەلاشـەى بریـندار و دڵـى خـەمبارەوە دارستانەکەى جێهێشت.



دواى ماوەیەیـەكى كـەم لاتـە یـەكێك لـە دەڵەشـێرەكانى كـردە هاوسـەرى خـۆى، كـە تـا بڵێـى زیـرەك و زۆرزان بـوو، هـەر زوو بـە لاتەى گوت:

- ئەگەر منت خۆش دەوێ دەبێ دڵنەرم و میهرەبانت بێت.

- جا چۆن وام لێ دێ.

- بەوەى ستەم لە ئەوانیدى نەكەیت.

رۆژێكیـان لاتـە بـۆ راو و شـكار دەگـەڕا، لـە پـڕ چـاوى بـە كەسـێك كـەوت كـە لـە تـوخمى مـرۆڤ بـوو، دەسـڕێژى لـە لاتـە كـرد و قاچـى برینـدار كـرد، بـەڵام لاتـە زوو دەرپـەڕى و خـۆى لـە ئەشـكەوتێكدا شـاردەوە، تـا دوژمنەكـەى لـەم نـاوە نـەما، پاشـان هێـدى هێـدى بـە قاچـى زامـدارەوە بـەرەو مـاڵى خـۆى گەڕایـەوە، لـە ڕێگـەدا ئـێش و ئـازار نارەحـەتیان كـرد و نـزاى دەكـرد كـەس بـەم حاڵـەى نـەبینێ و داواى زۆرانبـاز لـێ نـەكات، چـونكە بـەم وەزعـە دۆڕانـدنى مسـۆگەر بـوو، بـاش بـوو كـەس نـەیبینى تـا گەیـشتەوە بێشەكەى خـۆى و پـاش ماوەیـەك برینەكـەى چـاك بوویـەوە، لـەم كاتـەدا دەڵەشـێرى هاوسەرى لێى نزیك بۆوە و پێى گوت:

- ئێستا تێگەیشتى شكست و دۆڕان چۆنە و چەند نارەحەتە؟

- بـەڵێ، لـە كـاتى برینـداربوونم پیرەشـێرەكەم بـیر كەوتـەوە كـە لـە دارستان وەدەرمنا...

- دەركردنى شێرە پیر و بێ هێزەكان ستەمێكى گەورەیە.

- بەڵام ئەوە نەریتێکی کۆنی باپیرانمانە، هەزاران ساڵە بۆ ئێمە ماوەتەوە و بە ئێمە ناگۆڕدرێ.

- با دەتوانی.. دەکرێ تۆ ئەو نەریتە نەهێڵیت و نەریتێکی جوان دابهێنی.

- تێناگەم، نەریتی جوان یانی چی؟

- واتە ئاکار و رەوشتێك دابهێنیت، ئەوانەی دوای تۆ پەیڕەوی لێ بکەن. بۆ نموونە، دەتوانی ئەو پیرە شێرەی تۆراندت و دەرتکرد، بیگەڕێنیتەوە دارستان و ئاشتی بکەیتەوە، پاشان پادشاکانی کە دوای تۆ دێن هەمان یاسای تۆ جێبەجێ دەکەن، بۆچی ئەو شێرەی تا دوێنێ لێرە پادشا بوو، ئەمڕۆ بە تەنیا لە برسان بمرێت؟ با بگەڕێتەوە پشکی خۆی وەربگرێ و هەموومان بە ئاشتی بژین.

لاتە بە قسەکانی هاوسەرەکەی راچڵەکی و بیری ئەو رۆژەی دەکردەوە کە مرۆڤێك برینداری کرد و خەریك بوو لەناو بچێت، خۆ ئەگەر لە وەختی برینداربوونیدا تووشی زۆرانبازی هاتبا ئێستا وەك پیرەشێرە دوورخراوەکەی لێ دەهات.

لەبەرئەوە بۆ رۆژی دوایی لاتە هەموو شێرەکانی دارستانی کۆکردنەوە و پێی گوتن بچن شێرە دوورخراوەکە بگەڕێننەوە دارستان و بڕیاریشی دا نابێ لەمەودوا هیچ شێرێکی پیر یا بێهێز لە دارستاندا دەربکرێت.

ئیدی، پیرەشێرەکە گەڕایەوە دارستان و هەمووان بە ئاسوودەیی درێژەیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان دا و پیرەشێرەکەش لەناویاندا بووە سەرچاوەی تەناهی و ئارامی، لە حاڵەتی ڕوودانی هەر گرژی و ناکۆکییەکەیشدا، ڕۆڵی چاکە و ئاشتەوایی دەبینی و ئەو یاسایەی لاتەش بە هۆی زرنگی هاوسەرەکەیەوە دایهێنا، بووە نموونەیەکی جوان و دارستانەکانی دیکەی دراوسێشیان لێیەوە فێر بوون و لای خۆیان پێڕەویان کرد.

# ورچی خەڵەتاو

رۆژێـك لـە رۆژان مـام ورچ بـێ ئـەوەی مەبەسـتی ئـازاردانی بێـت، بەعاسـتەم قاچی بـەر قاچـی کەروێـشکێك کـەوت، هـەر هێـنـدەی زانـی کەروێشکەکە دەستی بە گریان و فیغان کرد:

"ئای قاچم، ئای قاچم...".

مـام ورچ تـەواو بـەم حاڵەتـەی کەروێـشکەکە نارەحـەت بـوو و زۆر داوای لێبـووردنی لێ کـرد، بـەڵام کەروێـشك لـە گریـان و هـاوارکردن نەکەوت و بە مام ورچی گوت:



"داوای لێبووردنی چی، بەجۆرێك قاچمت شكاندووە خۆ من توانای رۆیشتن و خواردنم نەماوە..."

ورچەکە دووبارە هیوای بەخشینی لە کەروێشك خواست و هەڵیگرت لە ماڵەکەی خۆی لەسەر جێگا داینا، ئینجا پێی گوت: "کەروێشکە جوانەکە، چاوەڕێمکە هەر ئێستا دەچم گێزەرت بۆ دێنم".

لەم کاتەدا کەروێشکەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەلێکە نابێ لە کیسی بدەم و دەبێ ئەم ورچە دەبەنگە بەم شێوەیە لە



خشتەبەرم، وا بکەم هەر خواردنم بۆ بێنێت و خزمەتم بکات".

دوای ماوەیەکی کەم مام ورچ گێزەری بۆ کەروێشکەکە هێنا و ئەویش تا توانی لێی خوارد. بۆ رۆژی پاشتر مام ورچ فەردەیەك سپێناخی هێنا و خستیە بەردەمی میوانە نەخۆشەکەی و پرسیاریشی لێ کرد:

"کەروێشکە گیان ئەمڕۆ قاچت چۆنە؟"

کەروێشکیش کە لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

"ئای کە ژیانێکی خۆشە، بێ ماندووبون ئەم خواردنە خۆشانەم دێتە بەردەم."

بەڵام لای مام ورچ نرکاندی و گوتی:

"لەبەر ئازاری قاچم نە خەوم هەیە، نە تام لەم خواردنە خۆشانە دەکەم".

مام ورچیش دڵی دایەوە کە ماوەیەکی کەمی تر هەڵدەستێتەوە سەر پێیان و قاچی چاك دەبێتەوە.

ئیدی بەم شێوەیە رۆژانە مام ورچ، گێزەر یا سپێناخی بۆ کەروێشکەکە دەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی کرد هێشتا کەروێشك ناڕازییە، بۆیە پێی گوت:

- "بڵێ ئازیزی من حەزت لە چییە؟".

ــ "بڵێم چی مام ورچ، منت ئیفلیج کرد، کەچی هەر گێزەر و سپێناخ!".

- "حەزت لە چییە بۆت پەیدا دەکەم".

- "هەنگوین".

مام ورچ بە ناچاری لە ماڵ چووە دەرەوە تا هەنگوین پەیدا بکات، لە ڕێگادا چاوی بە ڕێوی کەوت، ڕێوی هەر زوو حاڵی شپرزی ورچەکەی هەست پێ کرد، بۆیە لێی پرسی:

- "ها هاوڕێ خێرە هێندە بێ تاقەتی؟"

- "تووشی بەڵای خۆم هاتووم، ناشزانم کەنگێ تەواو دەبێ".

- "کام بەڵا چی بووە، بەڵکو بتوانم یارمەتیت بدەم؟".

مام ورچ بە دووردرێژی تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ ڕێوی گێڕایەوە، داواشی لێ کرد، هاوکاری بکات، تا هەرچی زووە، کەروێشکەکە چاك بێتەوە و ئەو ئەرك و ماندووبوونە قورسەی لە کۆڵ ببێتەوە.

ڕێویی زۆرزان هەر زوو زانی کە ڕووداوەکە بەم شێوەیە نیە، بۆیە داوای لە مام ورچ کرد واز لە هەنگوین بێنێ و پێکەوە بچن کەروێشکەکە ببینن و تیماری دەردەکەی بکەن.

دوای ئەوەی ورچ و ڕێوی ڕۆیشتنە لای کەروێشکەکە، ڕێوی لەگەڵ یەکەم تەماشاکردنی کەروێشك لە تەواوی مەسەلەکە گەیشت، بۆیە بێ ئەوەی هیچ خۆی سەغڵەت بکات، ڕووی کردە مام ورچ و گوتی:

"وەزعی ئەم بەستەزمانە باش نیە، دەبێ هەر ئێستا بیبەینە لای پزیشك".

مام ورچ پرسی:

"چ پزیشکێك باشە؟".

رێوی پێی گوت:

"گورگ، گورگ باشترین پزیشکی ئێسك و شکانە".

لەگـەڵ بیـستنی نـاوی گـورگ، کەروێـشکەکە دەرپـەڕی و لـە چـاوترکانێکدا لـەم نـاوە بـزر بـوو. رێوییەکـە سـەیرێکی مـام ورچـی داماوی کرد و گوتی:

"دیتت؟ ئەو، بەم قاچە شکاوەی، لە ئێمە بەغارترە".

مام ورچ هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی:

"سەیرە! چۆن توانی بۆ ماوەیەکی زۆر بمخەڵەتێنێ؟".

رێوییەکە وەڵامی دایەوە:

"چـونکە بـە سـۆ ز و عاتیفـە بڕیـارت دا، ئـەقڵت بـەکار نـەهێنا ئـەی ورچی بەستەزمان"

# مراوییە تەمبەڵەکە



لە رۆژێکی تەڕ و تووش و پڕ لێزمەی باراندا، لافاوێکی گەورە هەڵدەستێت و چەندین خانوو و ئوتومبێل و کەلوپەلی دیکە ژێر ئاو دەکەون، لافاوەکە پارچە دارێکی گەورە لەگەڵ خۆی دێنێ کە کەڵەشێر و مریشکێکی لەسەرە. لەم کاتەدا مراوییەك کە نزیکی ئەو شوێنە بوو، بە دیتنی دیمەنەکە دڵخۆش بوو و بەدوایاندا رۆیشت تا بزانێ بەرەو کوێ دەڕۆن و چی دەکەن، دوای ماوەیەك مراوییە فزوڵییەکە، سەیری کرد تەواو دوور کەوتووەتەوە و تازە ناتوانێت بگەڕێتەوە زێدی خۆی. بۆیە پاش ماوەیەك لەگەڵ مریشك و کەڵەبابەکە کەوتنە نێو دەریایەك و پاشتریش شەپۆلە تووڕە و بەهێزەکانی دەریا هەرسێکیانی فڕێدایە ناو دوورگەیەکی دوور دوور.

کەڵەشێر و مریشکی لێقەوماو لەگەڵ مراوییەکە لە تەواوی دوورگەکە گەڕان هیچ گیانلەبەرێکی تریان نەدیت تێیدا بژیت جگە لە کیسەڵێکی سەرگەردان کە تا ئەو وەختە بە تەنیا لە دوورگەکەدا دەژیا. لەو دوورگە دوورەدەستەدا مریشك لە هەمووان زیاتر تووشی خەم و دوڕدۆنگی هاتبوو، وەلێ کەڵەشێری هاوڕێی لە دڵدانەوە و ورە بەرزکردنەوەی نەدەوەستا، دواجار پێی گوت:

"نیگەران مەبە بە هەوڵ و کارکردن خۆمان دەژێینین، گرنگ ئەوەیە لە کارەکان یارمەتیم بدەیت".

پاشان کەڵەشێرەکە دەستی بە کێڵانی زەوی کرد و مریشکەکەش لە دوای ئەو گەنم و جۆی لە زەوییەکە تۆو دەکرد، لەو کاتانەدا مراوییەکە لە باتی ئەوەی هاوکارییان بکات و ئیشێك بخاتە ئەستۆی خۆی، کەچی گاڵتەی پێ دەکردن و بە ماندووبوونیان پێدەکەنی، بەڵام کیسەڵەکە سەرەڕای سستی بەکاوەخۆیی لە کاردا، خەریکی دروست کردنی خانوویەکی خنجیلانە بوو بۆ خۆی و هاوڕێ تازەکانی..

رۆژان هاتن و رۆیشتن، گەنم و جۆ پێگەیشتن، کەڵەباب دەستی بە دروێنە کرد و مریشك بە دەنووك پاکی کردنەوە، لە هەمان کاتدا کیسەڵ خەڵ و خەرمانی لە خانووچکەکەیاندا هەڵدەگرت. مراوییە تەمبەڵەکەش دارێکی نەدەخستە سەر بەردێك، هەر گاڵتەی بە هەوڵ و ماندووبوونیان دەهات.

ئەوەبوو پاش ماوەیەك وەرزی سەرماوسۆڵە هات و هەر سێ گیاندارە ئیشکەرەکە، چوونە ناو کوخەکەیان و مراوییەکەش

بە سکی برسی و لە بەر لێزمەی باراندا دەستی کرد بە گریان و بە مریشك و کەڵەشێر و کیسەڵی گوت:

"خەریکە لە برسان و لە سەرمان دەمرم، جێگای منیش بکەنەوە و پارووەیەك نانم بدەنێ.

لەم کاتەدا کەڵەشێر گوتی:

" ئەوەی کارنەکات نان ناخوات"

مریشکەکەش پێی گوت:

"برۆ ئەی مراوی، وەکو پێشتر گاڵتەمان پێبکە و پێبکەنە"

هەروەها کیسەڵیش لەسەرخۆ بە مراوی گوت:

"ئەدی نەتبیستووە گوتوویانە چی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە، ئەوەیە سەرەنجامی تەمبەڵی".

مراوییەکە زۆر بەو قسە و توانجانە کاریگەر بوو و بەوپەڕی غەمگینی و هەست کردن بە پەشیمانی لەبەر لێزمەی باراندا مات و مەلول مایەوە..

پاش ماوەیەك هەر سێ گیانەوەرەکە دڵیان بۆی سوتا و لەناوخۆیاندا کەوتنە راوێژکردن. لەپێشدا کەڵەشێر گوتی:

"هاوڕێیان چۆنە بەلاتانەوە ئەمجارە بیبەخشین، بەڵکو پەند لە هەڵەکانی رابردووی وەربگرێت".

مریشك و کیسەڵیش هەر ئەو هەست و بۆچوونەیان هەبوو و سەری رەزامەندییان بۆ قسەکەی کەڵەشێر لەقاند...

بۆیە کیسەڵەکە چووە لای مراوییەکە و بانگی کرد بێتە ژوورەوە، مراوییەکەش بە شەرمەزارییەوە هاتە ژوورەوە و وێڕای دڵخۆش بوونی بەوەی قەبووڵیان کرد، تا لەگەڵ ئەوان بژیێت، هەروەها بەڵێنی پێدان بۆ لەمەودوا هاوکارییان بکات و هەرگیز لە ئیش کردن خۆی نەدزێتەوە و گاڵتەش بە کەس نەکات.

# ڕێوی دەیەوێت دابمەزرێت

دوای ئەوەی مریشکێك شکاتی لە ڕێوی کرد و داوای کرد تۆڵەی خواردنی جوجەڵە و بارکەکەکانی بۆ بکەنەوە، دادگا بە سەرۆکایەتی شێر دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد.

مام ڕێوی لەنێو دادگادا بەرگرییەکی باشی لە خۆی کرد و بە توڕەییەوە گوتی: "من بارکە مریشکەکەم راو نەکردووە و پەلامارم نەداوە، بڕوام پێ بکەن دایکی ئەو بارکەیە خۆی بە زۆر پەلکێشی ماڵەکەی خۆی کردم و بێچووەکەی خۆی بۆ کردمە ژەمێك و پێشکەشی کردم".

لە بەرامبەردا مریشکەکە دەیقیژاند: "باشە من شێتم ئەم کارە بکەم؟ بڕوام پێ بکەن ئەو هێرشی کردووەتە سەرمان و کیژەکەمی لەبەرچاوی خۆم خواردووە. ئەو تاوانبارە، چونکە چوارەم جارە تاوانەکەی بەرامبەر ئێمە دووبارە دەکاتەوە".

شێری پاشای دارستان کە سەرۆکایەتی دادگاکەی دەکرد و گورگیش کە یەکێك بوو لە ئامادەبووان نەیاندەتوانی باوەڕ بە مریشکەکە بکەن، لەبەرئەوەی شێر بیری دەکردەوە دەیگوت: "باشە ئەگەر مریشکەکە راست بکات و ڕێوی پەلاماری منداڵەکانی دابێت، ئەدی بۆچی بێچووەکەی خواردووە و دایکە قەڵەو و



گۆشتنەکەیانی نەخواردووە؟ لە هەمان کاتدا زەحمەتیش بوو باوەڕ بەوە بکات کە ڕێوی فێڵباز ڕاست دەکات، ئاخر مریشك چۆن دەتوانێ ڕێوی پەلکێش بکات و ناچاری بکات بە دەرخواردنی بێچووەکەی خۆی".

پاشای دارستان هەر بیری دەکردەوە... لەم کاتەدا تەماشایەکی ناو چاوی ڕێوی کرد و پاشان لە مریشکەکەی ڕوانی، بەم سەیرکردنەی هەردووکیان، بۆی دەرکەوت تاوانباری ڕاستەقینە کامەیە، بەڵام بۆ ئەوەی تۆمەتی بێ بەڵگە نەداتە پاڵ هیچ کەسێك، بۆیە دانیشتنی دادگای بۆ هەفتەی داهاتوو دوا خست.

دوای ئەوە پادشای دارستان گەڕایەوە بێشەکەی خۆی، دەمودەست ناردی بە شوێن مەیموونندا، چەند قسەیەکی چرپاندە گوێی مەیمون. دواتر مەیمون بە پەلە چووە دەرەوە.

دوای چەند ڕۆژێك ڕێوی کە زۆر کەیفخۆش بوو و لە نێو دارستاندا دەسوڕایەوە، لەم کاتەدا ئاگادارییەکی بینی تێیدا نووسرابوو: "ڕێوییەکی زیرەکمان پێویستە بەناونیشانی وانەبێژ لە زانکۆی ڕێوییەکانی جیهانی، بە مەرجێك توانایەکی باشی هەبێ لەسەر ڕاهێنانی قوتابییان لەسەر فێڵ و تەڵەکەبازی، بەشێوازێکی ئاسان، هەر کەسێك لەخۆی ڕا دەبینێ،

با ژیاننامەی خۆی بۆ ئیمەیلەکەمان بنێرێت، وێنەیەکی شەخسی و واژووی کەسەکەیشی لەسەر بێت".

مام ڕێوی بە دیتنی ئەم ئاگادارییە کەیفخۆشییەکەی بوو بە دوو هێندە و پێی وابوو هەلێکی باشی بۆ هەڵ کەوتووە، بۆیە تەواوی ژیاننامەی خۆی نووسی و ناردی بۆ ناونیشانی زانکۆ جیهانییەکە.

بەڵام مام ڕێوی پێش ئەوەی وادەی چاوپێکەوتنی بێت بۆ دامەزراندنی وەکو مامۆستای زانکۆ، کاتی دانیشتنی دادگا دەستی پێکردەوە و شێر بە خوێندنەوەی بڕیارێك دەستی پێ کرد و گوتی: "من دڵنیا بووم کە ڕێوی درۆ دەکات و بێچووەکانی مریشکەکەی پەلامار داوە و خواردووە، بەڵام نەمویست سەرەتا بێ بەڵگە هیچ حوکمێك بدەم".

هەر ئەو کاتە شێرەکە ژیاننامەی ڕێوی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و بە ئامادەبووانی نیشان دا، کە تێیدا هاتبوو: "من توانایەکی سەیرم هەیە لە خواردنی بێچووی مریشك و راکردن لە سزای دادگا و خۆقوتارکردن لەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵم" پاشان شێرەکە بە جەماعەتی گوت: "برادەرینە، ئێمە بۆ دەرخستنی راستییەکان، ئاگادارییەکمان بڵاو کردەوە و ڕێویش بەو ئاگادارییە خەڵەتا و چی کردەوەی شڕ و شەڕی خۆی هەیە

لـە تـوێـی ژیاننامـەی خۆیـدا تۆمـاری کـردبـوو، بـە خـەیاڵی خـۆی تـا وەکو مامۆستا لە زانکۆ دابمەزرێت".

بۆیــە هــەر ئەوکاتــە دادگــا بڕیــاری کۆتــایی دەرکــرد بــە بەنــدکردنی هــەتا هــەتایی بــۆ ڕێــوی و دوای ئــەوەش مریــشك و تەواوی گیانەوەرانی دیکەی دارستان دڵخۆش و دڵنیا بوون.

# کەروێشکێکی سەرەڕۆ



لە دارستانێکی قەشەنگدا، یەکێك لە فەرخە کەروێشکەکان، لەبەر بێعاری و سەرەڕۆیی ناویان نابوو (لاسار). ئەو هەرگیز گوێڕایەڵی دایکی نەدەکرد و گاڵتەی بە ئامۆژگارییەکانی دەهات، بۆیە هەر جارێك دایکیان، بێچووەکانی خڕ دەکردنەوە و ڕێنمایی دەکردن و پێی دەگوتن توخنی شت و شوێنی ترسناك نەکەون،هەموو بێچووەکان جگە لە (لاسار)، بەڵێنی ئاقڵی و گوێڕایەڵیان پێ دەدا. کەچی (لاسار) پێچەوانەی خوشك و براکانی ڕەفتاری دەکرد و بەوە دەنازی کە سەرپێچی فەرمانەکانی دایکی دەکات و بە خوشك و براکانیشی دەگوت کە وەکو ئەو بکەن.

بۆ دواجار کەروێشکی دایك، بێچووەکانی کۆکردنەوە و ئاگاداری کردنەوە کە بە هیچ شێوەیەك توخنی دارگوێزی ناوچەکەیان نەکەون، چونکە ئەو زانیبووی، ڕاوچی تەڵەیان لە ژێریدا داناوە، زێتریش لە هەمووان ڕووی لە (لاسار) کرد، تکای لێ کرد ئەمجارەیان بێ فەرمانی نەکات، تێشیگەیاند کە ئەگەر گوێڕایەڵ نەبێت، ئەوا ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

بەڵام (لاسار) وەکو هەموو جارەکانیدی بابەتەکەی بە گاڵتە وەرگرت، پاش چەند ڕۆژێك، بە بێ ئاگاداری دایکی، بەرەو لای دارگوێزەکە ڕۆیشت، ویستی بە چاوی خۆی تەڵەکە ببینێ، ئەنجا

بە قسەکانی دایکی بڕوا بکات، ئەوە بوو لەوێ، لە ژێر درەختەکەدا، چەند گەڵایەکی وەریوی دیت، ویستی دڵنیا بێت بزانێ ژێر گەڵاکان هیچی لە بندا نیە، لەو کاتەدا گێزەرێکی دۆزییەوە و دەستی بۆ درێژ کرد، تا نۆشی بکات، کەچی لەپڕ دەستی بە تەڵەوە بوو و هاواری لێ بەرز بوویەوە، هاوار و گریانەکەی هێندە بڵند بوو، خوشك و براکانی لە شوێنی خۆیانی راچڵەکاند، بۆیە بەخێرایی دایکیان ئاگادار کردەوە و پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ و راوچییەکە بگاتە ئەوێ، بۆ لای دارگوێزەکە رۆیشتن و (لاسار)یان رزگار کرد.

پاشان بردیانەوە لانەکەی خۆیان، دایك و خوشك و براکانی بە توندی سەرکۆنەیان کرد. (لاسار)یش پەشیمانی دەربڕی و بەڵێنی دا بۆ لەمەودوا کاری ئەوها نەکات و بە گوێی دایکی بکات.

دوای ماوەیەك کە هەستیان کرد (لاسار) بە کردەوە گۆڕاوە، ئاقڵ بووە و وازی لە سەرەڕۆیی و نافەرمانی هێناوە، بۆیە دایك و خوشك و براکانی سوپاسی ئەو هەڵوێستە تازەیەیان کرد و ناویشیان لە (لاسار)ەوە گۆڕی بۆ (ئاقڵ).

# ئەو دوو مەیمونەی رێوییان کردە دادوەر

دوو مـەیمون هـەبوون لەگـەڵ یەکتریـدا زۆر کـۆك و تـەبا بـوون، هەرچـی هـەیانبا لـەنێوانی خۆیانـدا بـەبێ فـەرق و جیـاوازی بەشـیان دەکـرد. ئـەو دوو مەیمونـە رێوییـەکی دراوسـێیان هـەبوو، لەمێـژبوو دەیویـست بـە هـەر نرخێـك بـێ بـەینی هـەردوو مەیمونەکـە تێـك بـدات. رۆژێـك قـسەیەکی لای ئـەم مـەیمون دەرکـرد، رۆژێکـی تـر قـسەیەك لای ئـەو، وای لێهـات هـەردوو مەیمونەکـە متمانـەیان بەیەکتری نەما و لەیەکدی وەگومان کەوتن.

ورده ورده نـاکۆکی نێـوان هـەردوو مـەیمون قـوڵ بوویـەوە، بـەجۆرێك رۆژانـە لەسـەر بـچووکترین شـت، دەبـووە هـەرا و دەمـەقاڵێیان. ئـاخیر جار لەسـەر پارچـەیەك پـەنیر بـوو بەشـەڕیان، هیـچیان ئامـادە نـەبوون لـە هەقەکـەی خـۆی خـۆش بێـت، ئـەمیان دەیگـوت "لەتـە پەنیرەکـەی تـۆ گـەورەترە"، ئـەویتریان دەیگـوت "نـا بەشە زۆرەکەت بۆ خۆت داناوە، هی من کەمترە".

بۆیـە پـەنایان بـۆ مـام رێویی دراوسـێیان بـرد، تـا بـە یەکـسانی لـە نێـوان هـەردوو لادا بەشـی بکـات. رێـوی دەمێـك بـوو هیـوای بـۆ رۆژێکـی ئـەوها دەخواسـت، لەبەرئـەوە وەك بڵێـی پەرۆشـی ئـەوان بێـت و پێـی نـاخۆش بـێ بەشـەڕ هـاتوون، پێـی گـوتن: "راوەسـتن، شـەڕ ئاکارێکی بـاش نییـە، بـۆ مـن شـەرمە هاوسێکانم لەسـەری مـاڵی



دنیا لەیەکتری بتۆرێن". پاشان داوای لێکردن تەرازوویەکی بۆ بێنن، تا پشکی هەر یەکێکیان بە یەکسانی دابەش بکات..

ڕێوی پەنیرەکەی کردە دوو پارچە، هەر پارچەیەکی لە تای تەرازوویەکدا دانا، لەتێکی بچووکی لەملا لێکردەوە و خواردی لەتێکیترش لەولا. تەماشای کردەوە تایەکی تەرازووەکە تۆزێ قورسترە لە تاکەیدیکەی، بۆیە دیسان لەتێکی ئەملا و لەتێکی ئەولای لێکردەوە بە حسێب تا هەردوو لا تەواو یەکسان بن، ئیدی بەم شێوە لەبەر چاوی هەردوو مەیمونەکە تەواوی پەنیرەکەی حەپەلوش کرد، ئەنجا پێی گوتن:

"سەیرکەن ئێستا هەردوو تای تەرازووەکە تەواو یەکسانن، دراوسێ خۆشەویستەکانم، بڕوا بکەن بۆ بەرژەوەندی ئێوە ئامادەم هەموو جارێك ئەم زەحمەتییە بدەمە بەر خۆم".

هەردوو مەیمونەکە چاویان زەق بوویەوە، هیچیان بۆ نەمایەوە و بە سکی برسی بەرەو ماڵ گەڕانەوە، پاش ماوەیەك لەنێوان خۆیاندا کەوتنە گفتوگۆ، هەردووکیان پەشیمان بوونەوە لەسەر ئەوەی بەشەڕ هاتوون و کەسێکی بێگانە و فێڵبازیان کردووەتە دادوەر، هەر ئەو کاتە ئاشت بوونەوە و دەستیان کردە ملی یەکتری، بەڵێنیشان بە یەکتری دا جارێکی دی بەقسەی ڕێوی نەخەڵەتێن و هەرچی هەیانبوو لە نێوان خۆیاندا بە برایانە بەشی بکەن.

# فەرهەنگۆك

دوورەدەست: دوور، شتێ کە دەست پێی نەگا

لێ: وەلێ، بەلام، بەلانەکینێ

هەڵەداوان: زۆر بەپەلە

هەڵقوڕێنێ: فڕیکا، یەکسەر بخواتەوە

رۆحلەبەر: گیانلەبەر، رۆحدەبەر

ماڵبات: خێزان، خانەوادە

لەسەرخۆ: هێدی، بە پشوو

سست: شل‌وپل، خاو

غاردان: راکردن

وانەبێژ: دەرسبێژ، مامۆستا

واژوو: مۆر، ئیمزا

هەل: دەرفەت، دەلیڤە

لەڕ: لاواز، دالگۆشت

دەڵەشێر: مێیینەی شێر

میهرەبان: میهرەوان، دڵنەرم

ستەم: ناهەقی، زوڵم

بێشە: ماڵی شێر، لانەی شێر

نەریت: خوو، عادەت

ناکۆك: ناساز، مابەین ناخۆش

زرنگ: زیرەك، وریا

کپ: بێدەنگ

پاداشت: تۆڵەی چاکە

وازی: گەمە، یاری

زل: زەبەلاح، ناقۆڵا

پێکڤە: پێکەوە، لەگەڵ یەك

شۆخی: گاڵتە و سوعبەت

لەبری: لەباتی، لەجیاتی

وەنەوز: خەوبردنەوە، خەوەکوتکە

کەڵەشێر: کەڵەباب، دیکڵ

فزوڵی: لاپڕەسەن، خۆهەڵقورتێن لەکاری خەڵکی

بەعاستەم: بەئاستەم، بەحاڵ، زۆر بەسەبر

شپرز: شپرێو

کەنگێ: کەی، چ کاتێك

لە چاوتروکانێکدا: لە ماوەیەکی ئێجگار کەمدا

فەرخە: بێچوو، بەچکە (بۆ مەل و گیاندار)

بێعار: هاروهاج

سەرەڕۆ: کارکردنی بێ بیرکردنەوە

لاسار: سەرسەخت

حەپەسا: واقی وڕما، سەری سوڕما

بڵێسە: گڕوگڵپە

قەرەبروت: شتی زۆر سووتاو، شتێ ئەوەندە سووتابێ رەش هەڵگەڕابێ.

# سەرچاوەکان


**١. الثعلب يكتب سيرته الذاتية/ تأليف: محمود ابو فروة الرجبي/ الرواد للنشر والتوزيع.**

**٢- سبق الدارس الفارس/ مطبعة انس/ سلسلة كتاب الفضي/** ناوی نووسەر وساڵی لە چاپدانی نەنووسراوە.

**٣- پێگەی ئەلیکترۆنی** (www.alarabimag.net).

**٤- پێگەی ئەلیکترۆنی** (www.majid.ae).

# ناوەڕۆک

ناسنامەی کتێب ..................................... ٢
پێشکەشە بە ...................................... ٣
پێشبڕکێیەکی سەیر ...................................... ٤
ئەو قەلەڕەشەی سەلماندی زیرەکە ........................ ٧
کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ ........................ ١٠
خەونی شادی ...................................... ١٤
شنە و چۆلەکەکەی ...................................... ١٧
سەربوردەی شێرە لەڕەکە ...................................... ٢٢
ورچی خەڵەتاو ...................................... ٢٧
مراوییە تەمبەڵەکە ...................................... ٣٢
ڕێوی دەیەوێت دابمەزرێت ...................................... ٣٧
کەروێشکێکی سەرەڕۆ ...................................... ٤٢
ئەو دوو مەیمونەی ڕێوییان کردە دادوەر ........................ ٤٥
فەرهەنگۆک ...................................... ٤٨
سەرچاوەکان ...................................... ٥٠


چیرۆکی منداڵان
کەروێشک خەو
بە فیلەوە دەبینێ
ئا: زیاد رەشاد قادر
هەولێر/ ٢٠١٠


کەروێشک خەو
بە فیلەوە دەبینێ